# زانیارینامە –
# ڕێساکانی بەقەرز وەرگرتنی کۆمپیوتەری خوێندکار

کاتێک تۆ کۆمپیوتەرێکی شەخسی خوێندکار بەقەرزوەردەگریت لە خوێندنگاکانی سەربە شارەوانی یۆتیۆبۆریدا هەڵبەتە تۆ وەک خوێندکار تۆش وەک سەرپەرشتیاری منداڵەکە هەردووکتان لێی بەرپرسیارن. واتە دەشێت تۆ ئاگات لە کۆمپیوتەرەکە بێت و پێڕەوی ڕێساکانی بەقەرزوەرگرتنەکە بکەیت. شارەوانی یۆتۆبۆری خاوەنی کۆمپیوتەرەکەیە و بۆت نیە بەقەرز بیدەیت بە کەسێکی تر، بەکرێی بدەیت، بیفرۆشیت، بیخەیتە رەهنەوە یان بە شێوازێکی تر مەترسی بخەیتە سەر خاوەندارێتیەکە کە شارەوانی یۆتۆبۆریە. مەبەست لە کۆمپیوتەر ئامڕازێکی دیجیتاڵیە بۆ فێربوون کە خوێندنگاکەت بەکاریدەهێنیت وە بەسەر خوێندکاراندا دابەشیان دەکات. بۆ نموونە، کرۆمبوک، ئایپاد، PC یان MAC.
خوێندنگا بڕیار دەدات ئەگەر خوێندکار بۆی هەبێت کۆمپیوتەرەکە پاش کاتی خوێندن بەرەێتەوە ماڵەوە.

## ڕێساکانی بەکارهێنان و مامەڵەکردن

### هاونرخی مرۆڤەکان، سەربەخۆیی کەسیی و قەدەغەی پەلاماردانی شەخسی

کاتێک تۆ کۆمپیوتەرەکە بەکاردەهێنیت دەشێت تۆ ڕێز لە هاونرخی مرۆڤەکان بگریت، زمانێکی پاراو بەکاربهێنیت هەروەها پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆت هەروەها کەسانی تریش بکەیت. پەلاماردانی کەسسی هەرگیز ڕێگەپێدراو نیە. تۆ بۆت نیە سەردانی ئەو ماڵپەرانە بکەیت کە هەراسانکەر یان ناوەرۆکی سووکایەتپێکەرانەیان هەیە، یان وێنەیەک یان دەقێک لەسەر کۆمپیوتەرەکە سەیڤکەیت کە هەراسانکەر یان سووکایەتپێکەرانە بێت ، ئەگەر ئەمە لەگەر مامۆستایەکیدا ڕێککەوتنی لەسەر نەکرابوو وەک بەشێک لە وانەگوتنەوە و فێرکاری.

## ئاگالێبوون، هەڵگرتن و گواستنەوە

لە حاڵەتی بەقەرزوەرگرتنی کۆمپیوتەردا ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی بەقەرزوەرگر بۆ ئاگالێبوون، هەڵگرتن و گواستنەوەی. هەمیشە دەبێت تۆ باش مامەڵە لەگەڵ کۆمپیوتەرەکەدا بکەیت لە هەڵگرتن و گواستنەوەدا بە شێوازێکی دڵنیای وا کە زیانی پێنەگات و گوم نەبێت. ئەم ڕێسایە لە خوێندنگا و دەرەوەشدا دەخوات. بۆ نموونە تۆ هەرگیز نابێت کۆمپیوتەرەکە لە شوێنێکدا بێ چاودێری بەجێبهێڵت کە لەوێدا مەترسی هەبێت بدزرێت. کاتێک کۆمپیوتەرەکە دەگوازیتەوە دەشێت هەمیشە ئەو بەرگە پارێزەرە بەکاربهێنیت کە لەگەڵیدا وەرتگرتووە.

## سکاڵاتۆمارکردن بۆ دزین یان لێونبوون

یﺌەگەر کۆمپیوتەرەکەت لێونبێت یان ئەگەر لێت بدزرێت دەشێت دەمودەست بە خوێندنگا راگەیەنیت.
ئەگەر لە خوێندنگا و دەوروبەریدا ڕویدابێت، خوێندنگا سکاڵا لای پۆلیس تۆمار دەکات. ئەگەر لە دەرەوەی خوێندنگا ڕویدا ئەوە تۆ یان سەرپەرشتیارەکەت سکاڵای لای پۆلیس تۆمار دەکەن. پاشان تۆ کۆپیەک لە سکاڵاکە ڕادەستی خوێندنگا دەکەیت.

## هەڵەی ئیشکردن، سەرڤیس و نیگاداریکردن

ئەگەر لە ئیشکردندا کۆمپیوتەرەکە هەڵەیەکی تێکەوت یان ئەگەر زیانی پێگەیشت دەشێت تۆ دەمودەست خوێندنگا ئاگادارکەیت. کارمەندانی خوێندنگا یارمەتیت دەدەن بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکە بنێرن بۆ سەرڤیس.
خوێندنگا مافی ئەوەی هەیە کۆمپیوتەرەکەی لابێت بۆ نوێکردنەوەی بەرنامەکانی، سەرڤیس، کۆنتڕۆڵی ئیشکردنی و نیگاداریکردنی ئەگەر پێویستی کرد.

## کەی دەشێت کۆمپیوتەرەکە بدەیتەوە بە خوێندنگا

کاتێک ماوەی قەرزکردنەکە تەواو دەبێت خۆ ئەگەر شتێکی کە ڕانەگەندرابێت، دەشێت تۆ لە میانەی هەفتەیەکدا، کۆمپیوتەرەکە لەگەڵ شاحینەو شتەکانیدا بدەیتەوە بە خوێندنگا. دەشێت کۆمپیتەر و شاحینەکە هەمان غەوشی هەبێت هەر وەک ئەو کاتەی وەرتگرت ، هەڵبەتە بە بەرچاوگرتنی غەوشێکی نۆرماڵی بەکارهێان یان زیانێکی وا کە گەرنتیەکەی بیگرێتەوە. ئەگەر خەرجیەک هاتە پێشەوە وەک بۆ نموونە

خەرجی گواستنەوە و بە پۆستا ناردنەوەی دەشێت خۆت ئەرکی خەرجیەکەی بکێشیت. کاتێک تۆ کۆمپیوتەرەکە ڕادەستی خوێندگا دەکەیتەوە پسوولەیەک لە خوێندنگا وەردەگریت.

## ئەگەر تۆ ڕێساکان بشکێنیت

ئەگەر تۆ ڕێساکان بشکێنی ئەوا خوێندنگا مافی ئەوەی هەیە کۆمپیوتەرەکەت لێبسێنێتەوە. ئەگەر گومانی ئەوە هەبوو کە تۆ بە پێی ڕێساکان کۆمپیوتەرەکە بەکارناهێنیت، ئەوا خوێندنگا مافی ئەوەی هەیە داوای کۆنترۆڵی دیرۆکی ماڵپەڕە سەیرکراوەکان و ناوەرۆکی کۆمپیوتەرەکە بکات.
لە حاڵەتی ئەو جۆرە کۆنترۆڵانەدا خوێندنگا خوێندکار و سەرپەرشتیارەکەی ئاگادار دەکات. ئەگەر زیان بە کۆمپیوتەرەکە و شتەکانی تری گەیشتبوو لەبەر کەمتەرخەمی، یان ئەگەر لێت دزرا/ گومبوو کاتێک کۆمپیوتەرەکەت لایە و کەمتەرخەمبووبیت لە پارێزگاری کردنیدا ، ڕەنگە شارەوانی یۆتۆبۆری داوای قەرەبووی ئابووریت لێبکات.

## ماوەی بەقەرز وەرگرتن

تۆ بۆت هەیە کۆمپیوتەرەکە بە قەرز وەرگریت هەتاکوو:
أ) پێڕەوی ڕێساکانی بە قەرزوەرگرتنی کۆمپیوتەرەکە بکەیت.
ب) لەو خوێندنگایە بخوێنیت کە لە ئارادایە.
ڕەنگە چەند هەلومەرجێکی تر لە ئارادابێت کە خوێندنگا نەتوانێت کاریگەری لەسەریان هەبێت، کە کارێکی وابکات ماوەی بەقەرزوەرگرتن گۆرانی بەسەردا بێت.

## مامەڵەکردن بە زانیاری کەسیەوە

زانیاری دەربارەی ئەوەی چۆن مامەڵە بە زانیاریە کەسیەکانتەوە دەکرێن لە ماڵپەڕی شارەوانی یۆتۆبۆریدا دەدۆزیتەوە. تۆ دەتوانیت بە دوایدا بگەڕێیت لە " بەم شێوەیە کارگێڕی خوێندنگا سەرەتاییەکان مامەڵەی زانیاریە کەسیەکانت دەکەن".

## تەئکیدکردنەوە لەوەی کە ئەو ڕێسایانەی سەرەوەت خوێندۆتەوە و پەسەندت کردوون

دەشێت تۆ وەک سەرپەرشتیار واژۆ لەسەر دۆکیومێنتی تەئکیدکردنەوە بە سویدی بکەیت. ئەو دۆکیومێنتەشت لەگەڵ ئەم زانیارینامەیەدا وەرگرتووە. ئەگەر سەرپەرشتیارێتی هاوبەشتان هەبوو دەشێت تۆ و سەرپەرشتیارەکەی تری خوێندکارەکە هەردووکتان واژۆ لەسەر دۆکیومێنتەکە بکەن.

**دەشێت دۆکیومێنتە واژۆکراوەکە کاتێک کۆمپیوتەرەکە بەقەرز وەردەگیرێت ڕادەستی خوێندنگا بکرێتەوە.**